# تێرموستاتی زیرەک بۆ کەش هەوا




تێرموستات ئەو ئامێرانەن کە زانیاری ورد و گرنگ سەبارەت بە کەش هەوای ژوور و هەوای دەرەوە دەخاتەڕوو.. ئەو ئامێرە جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەو ئاپ یا پرۆگرامانەی کە پێشبینی کەش هەوا دەکەن، چونکە هی ئاپ و پرۆگرامەکان زیاتر پێشبینین و جار هەیە هەڵەشی تێدایە، بەڵام تێرموستات زانیاری وردە...

لە پێشانگای ساڵانەی CES 2018دا تێرموستاتێکی زیرەك بەناوی GLAS خرایەڕوو، ئەم تێرموستاتە لەسەر بنەمای ویندۆز ١٠ بەرهەم هاتووە، لە سیستەمی دەنگی کورتانای مایکرۆسۆفت سوود وەردەگرێ و بۆیە فەرمانەکان بە دەنگ وەڵام دەداتەوە.. بەشی سەرەکی ئامێرەکە شاشەیەکی جۆری OLED سامسۆنگە، قەوارەکەی نزیکەی ٦ ئینجە، کارەکانی وەك کۆنترۆڵی هەوای ژوور، پێشبینی کەش و هەوایە.. لەسەر شاشەکە راپۆرتی هەفتەیەکی کەش و هەوای تێدایە..



# شاشەیەک لەیەک کاتدا دوو دیمەن نیشان دەدات



لە پیشانگای ساڵانەی ces2018دا، یەکێك لە سەرنج ڕاکێشترین ئەو ئامێرانەی خرانەڕوو، شاشەیەك بوو بەناوی MirraViz ناسراوە، شاشەیەك لە ڕاستیدا وەك سیحر دەچێت چونکە دوو دیمەنی جیاواز بۆ دوو بەکارهێنەر لەیەك کاتدا نیشان دەدات. بۆ نموونە ئەگەر هاوڕێکت لە لای چەپتەوە دانیشێ و تۆش لەرای ڕاست بی، ئەو دیمەنی هاوڕێکەت لەسەر شاشەکە دەبینێ لەگەڵ دیمەنی تۆ جیاوازە، تۆ دەتوانی سەیری فیلمێك بکەی، ئەو دەتوانێ سەیری یارییەکی وەرزشی بکات. شاشەکە دوو پرۆژکتەری جۆری DLPی لەسەرە.

ئەم جۆرە شاشانە پێشووتریش لەلایەن کۆمپانیای ئێل جی و سونییەوە خرابووە ڕوو، بەڵام لە سیستەمەکەی ئەواندا سوود لە چاویلکە وەردەگیردرا، بەڵام لەم شاشەیەدا پێویستی بە چاویلکەی تایبەتیش نییە.

# ڕیمۆتێک بۆ کۆنترۆڵی گشت ئامێرێ

لە ماڵەوەدا چەندین ئامێر هەن کە ریمۆتی تایبەت بەخۆیان هەیە، وەك سپیلیت، ریسیڤەر، تی ڤی، ئامێرەکانی دەنگ..تاد. بۆ هەرکام لەوانە دەبێت ریمۆتی تایبەت بەخۆی بەکار بێنی.. لە CES2018دا ریمۆت کۆنترۆڵی Ugo خرایەڕوو، ئەم ریمۆت کۆنترۆڵە بەتەنیا کاری هەموو ریمۆتێك دەکات و وەك داری سیحری دەچێت. سیستەمی پەنجەمۆری تێدایە دەکرێت ١٦ بەکارهێنەر کاری پێبکات، ئەم سیستەمە بۆ ئەوەی منداڵان دەستکاری ئامێرەکان نەکەن زۆر باشە...



# نوێترین مۆنیتۆری سامسۆنگ

سامسۆنگ گەورەترین مۆنیتۆری خۆی بە قەوارەی ٤٩ ئینجی پانی خستەڕوو. دیزاینی سەرنج ڕاکێش و پانایی شاشەکە، ئەزموونێکی نوێ بۆ ئەوانەی کاری گرافیك و دیزاین و هەروەها یاری ئەلکترۆنی دەکەن دەرەخسێنێ. مۆنیتۆرەکەی سامسۆنگ کە بە جۆری C49HG90 ناسراوە پشتیوانی لە ستاندەری HDR دەکات، خێرایی وەڵامدانەوەی یەك ملمی چرکەیە..

بە سوودوەرگرتن لەو ستاندەی هەیەتی دەکرێت بە ئاسانی مۆنیتۆرەکە لە ئاسۆییەوە بکەی بە ستوونی. سیستەمێکی تایبەتی تێدایە بەناوی eye-saver کە دەبێتەهۆی ئەوەی تیشکی شین بڵاونەبێتەوەو و ئازار بەچاو نەگەیەنێ.

## کامێرایەکی نوێی سێ ڕەهەندی ٣٦٠ پلەیی



سامسۆنگ لەم دواییانەدا کامێرایەکی زۆر تایبەتی خستەڕوو، کە سەرنجی شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیای نوێی بۆلای خۆی راکێشاوە، کامێراکە کە بە Round 360 ناسراوە، دەتوانێت ڤیدیۆیی ٣٦٠ پلەیی سێ دەوری واتە 3D بە کوالیتی K4 تۆمار بکات. کامێرای ناوبراو پێچەوانەی کامێرای Gear 360 بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی واقعی مەجازی زۆر گونجاوە. خودی کامێراکە پێکهاتووە لە کۆی ١٧ کامێرا و کە ٨ دانەیان دوو پێکەوەن و یەکێکیش لە سەرەوەیە. نە تەنیا فیلم بە شێوەی سێ دەوری تۆمار دەکات بەڵکو دەنگیش چونکە چەند مایکرۆفۆنێکی تێدایە.. کامێراکە بە تۆزوخۆڵ و تەڕبوون تێکناچێت. ئەو فیلمانەی بەو کامێرایە دەگیردرێن بە کۆمپیوتەرێکی ئاسایی سەیر ناکرێت بۆیە دەبێ کۆمپیوتەرێکی زۆر پێشکەوتووش هەبێ بۆ سەیرکردنیان. ئەوە ئاساییە کە کامێرایەکی بەمجۆرە گرانباییە. رامی کامێراکە ١٠ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٤٠ گیگابایتە. هەرچەندە شوێنی دانانی میمۆری و USB هەیە. کێشی کامێراکەش ٢ کیلۆیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی گشتی دەپرسێت و دەڵێت، ئایا ئەگەر مۆبایل شەو تا بەیانی لە شەحن دابێت، لە داهاتوودا کێشەی بۆ دروست نابێت؟**

خوێنەری بەڕێز، دەکرێ هەم بڵێم بەڵێ و هەم نەخێر.. کاتێك مرۆڤێك رۆژ کاردەکات و ماندوو دەبێ شەو پێویستە پشوو بدات، بۆ موبایل و ئامێرەکانی دیکەش ئاوایە، تۆ کاتێك مۆبایل شەو لە شەحن دادەنێی و دەخەوی، ئەوپەڕی دوو کاتژمێری پێدەچێ تا تەواو شەحن بێتەوە، واتە چەند کاتژمێرێك بەبێ هیچ هۆیەك لە شەحندایە، خودی موبایلەکە و سیستەمەکەی زیاتر شەحن قبول ناکەن، بەڵام بتەوێ و نەتەوێ باترییەکەی گەرم دادێت، بە رێژەیەکی کەم، ئەگەر هەمیشە ئەوە کارت بێت، باترییەکەی وەك پێویست شەحن راناگرێ....

## کامێرای ٣٦٠ پلەیی بۆ ئایفۆن




لە پیشانگای ساڵانەی ces2018 دا، چەندین کامێرای ٣٦٠ پلەی خرایە روو، یەکێك لەو کامێرایانە کامێرای (Insta360 new Nano S) تایبەت بوو بە موبایل. کامێراکە تایبەتە بە موبایل و بە روونی K4 وێنە دەگرێت. کوالیتی وێنەگرتنەکە ٢٠ میگاپیکسلە.

پاش وێنە یان فیلم گرتن بەهۆی کامێرای ئاماژە بۆ کراو، بەکارهێنەر دەتوانێت بە پرۆگرامی تایبەت بەخۆی کەلەسەر مۆبایل دادەبەزێت فیلم و وێنەکان دەستکاریان بکات یان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوی بکاتەوە. لە خودی کامێراکەدا توانای پەخشی راستەوخۆی بۆ تۆڕە کۆمەڵایەییەکان هەیە..سیستەمی (MultiView) تێدایە بەکارهێنەر بەهۆیەوە دەتوانێت لەکاتی قسەکردن و چاتکردن لەگەڵ هاوڕێیانی دا لە هەموو لایەکەوە نیشانی بدات..

ئەو وێنە ٣٦٠ پلەیانەی بەهۆی کامێرای ئاماژەبۆکراو دەگیردرێن، ئەگەر بەرامبەرەکەی پرۆگرامێکیشی نەبێت بۆ کردنەوەی وێنەکان، خودی کامێراکە لەگەڵ وێنەکە لینکێکی بۆ کردنەوەی وێنەکە بەرێ دەکات.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی فۆنت



ئەو پرۆگرامانەی تایبەتن بە دروستکردن و دەستکاریکردنی فۆنت گەلێکن، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتوو ئاسانەکان پرۆگرامی (High-Logic FontCreato)یە. ئەم پرۆگرامە ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەرەخسێنێ کە بە ئاسانترین شێواز فۆنتی تایبەت بەخۆی دروست بکات. بەکارهێنەر دەتوانێت فۆرماتەکانی فۆنتی TrueType و Open-Type بەکاربێنێ و دەستکاریان بکات. پرۆگرامی ناوبراو بۆ دیزاینەر و شارەزایانی تایب کردن زۆر بە کەڵکە. بە ئاسانترین شێواز دەتوانیت کاراکتەری تایبەت بەخۆت دروست بکەی. زیاتر لە ٢٢٠٠ کاراکتەری لەپێشدا ئامادەکراویشی تێدایە.

بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- توانای دانانی لۆگۆ و وێنە وەکو فۆنت.
- دەستکاری کردن و رێکخستنەوەی سەرلەنوێی ناوی فۆنتەکان
- توانای باش کردنەوەی ئەو فۆنتانەی کە بەباشی دروست نەکراون.



## سایتێک بۆ کەمکردنەوەی قەوارەی ڤیدیۆ

کاتێك دەتەوێ فیلمێکی قەوارەی زۆری چەند سەد میگابایتی و زیاتر بۆ کەسێکی دیکە بنێری، یان نیازت هەبێ ڤیدیۆیەکی زیاتر لە نیو کاتژمێری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبکەیەوە، ئەرکەکەت دژوار دەبێت..چونکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دانانی ڤیدیۆ سنووربەندیان هەیە، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە سەر لە سایتی Compressify بدە لەو سایتەدا بەبێ تێکچوونی کوالیتی فیلمەکە بچووکی دەکاتەوە و بە ئاسانی دەتوانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دایبنێی..

# لاپتۆپەکەی هواوی بەبێ پەراوێز و چوارچێوە

کۆمپانیای «هواوی» لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژیای نوێدا، ئەگەرچی بەبەراورد بە کۆمپانیاکانی دیکە مێژوویەکی کەمی هەیە، بەڵام لەم ماوەیەشدا گەشەکردنی زۆری بەخۆوە دیوە.

لەم ماوەیەدا لاپتۆپێکی خۆی بەناوی MateBook X Pro خستەڕوو کە پەراوێزی یەکجار تەنکە، دەکرێت بڵێین بێ پەراوێز و چوارچێوەیە..

لاپتۆپی ناوبراو لە بواری سەختە ئامرازەوە بەیەکێك لە لاپتۆپە گرنگەکان دێتە ژمار..

لاپتۆپەکە شاشەکەی ١٤ ئینجە لەمسییە. بە روونی و گەشەی 2000×3000دا. سیستەمی شاشەکە بەجۆرێکە دەکرێت لە ژێر تیشکی تاویشدا سوودی لێوەربگیردرێت. لاپتۆپەکە زۆر زۆر تەنکە. دوو رەنگی رەساسی و رەشی هەیە. پرۆسیسەرەکەی لە نەوەی هەشتەمە. باتری لاپتۆپەکە ئەوەندە بەهێزە تاکو ١٥ کاتژمێر کارکردن شەحنی بەتەواوی دانابەزێت. سیستەمی ئەمنییەتی پەنجەمۆرە. خێراییەکەی بە جۆرێکە لە ماوەی هەشت چرکەدا سیستەم هەڵدەبێت. کیبۆردەکەی دژە ئاوە واتە ئەوکاتەی بەکارهێنەر ئاگای لێنابێت، چا یا ئاو بەسەر کیبۆردەکەدا برژێت کێشەی بۆ نایەتە پێش. جیاوازی ئەو لاپتۆپە لەگەڵ گشت لاپتۆپێك لەوەدایە کە کامێراکەی لەسەر شاشەکە نییە بەڵکو لە ژێر یەکێك لە دوگمەکانی کیبۆرد دایە، هەرکاتێك پێویست بوو دەکرێت لەسەرەوە دایبنێی. کوالیتی نیشاندان لە جۆری K4ە. دەکرێت کارتی شاشەی گەرۆکیشی بۆ دابندرێت. چوار مایکی تێدایە بۆ دەنگ هەڵگرتنەوە لە کۆنفرانس و سیمینارەکان. رامەکەی ١٦ گیگابایتە، هاردی ٥١٢ گیگابایت و سیستەمی core i7ی لەسەرە.

